سەرکایەتی کەمار لەبوردنی تایبەتی سەرکایەتی بە هەزاران دەستگیرکراو ڕەتدەکاتەوە

سەرکایەتی کەماری عێراق هاگەیەندراوەکی بڵاوکردەوە لە وەڵامی پەرلەمانتارێک کە گوتبووی، لەبوردنی تایبەتی سەرکایەتی بە هەزاران دەستگیرکراو دەرچووە.

سەرکایەتی کەماری عێراق لە بەیاننامەکەیدا هایگەیاندووە، "بە تەواوی و بە وردی نکۆڵی لەوە دەکەین کە لە چاوپێکەوتنێکی پەرلەمانتار حەبیب ئەلحەلاوی لەگەڵ دەزگایەکی هاگەیاندن سەبارەت بە بەخشینی بەیاری لەبوردنی تایبەت لە سەرکی کەمار بە هەزاران تەمەتباری دەستگیرکراو"، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە لە بەرواری دەستبەکاربوونی سەرک کەمار، عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید لە ڕۆژی 13/10/2021 تاوەکو ئەمڕۆ، بەیاری لەبوردنی تایبەتی تەنها بە 22 تەمەتباری سەرجەم مەزهەب و نەتەوەکان دەرکردووە.

زانیاری زیاتر...

ڕۆژی سەشەممە (21ـی کانوونی دووەمی 2024)، دەنگدان لەسەر سێ یاسا لە پەرلەمانی عێراق درا، هەمواری یاسای باری کەسێتی کە دەنگی زۆرینەی لەسەر درا و یاساکە هەموارکرا، ئەو یاسایەی کە پەرلەمانتار و لایەنە شیعەکان داوایان کردبوو کە ڕێگە بە مارەکردنی کچی تەمەن 9 ساڵان دەدات و یاسای ساڵی تەمەنی

هاوسەرگیری کچ لە 18 ساڵیەوە بووە 9 ساڵان، ئەمەش دوایک هەموارکردنی.

پێژەیاسای دووەم کە دەنگی لەسەر درا، گەیاندنەوەی مافی خانوو و زەوی ماف زەوتکراکانی پارێزگای کەرکووک، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ئەم موڵکانە لە خاوەنە ڕەسەنکانیان وەرگیرابوو، ئەم پرۆژە یاسایەی کە فراکسیۆنە کوردیەکان لە پەرلەمانی عێراق داوایان کردبوو.

پێژەیاسای سێیەم، دەنگدان لەسەر یاسای لەبوردەیی گشتی کە لایەنە سوننیەکان داوای جێبەجێکردنیان دەکرد، بەمەبەستی لەبوردەیی گشتی بە زیندانیانی عێراق، ئەو یاسایەی کە مشتومڕی جیاوازی لەکۆتەوە و زەرەک لە چالاکوان و گرووپ و لایەنەکان بە (گەیاندنەوەی تیرۆر) ناویان بردووە.